حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية و الإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة


ژمارە : ٦ ٢٠٠
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٤ کوردی
ڕێبەندان

العدد :
التأريخ : / ١ / ٢٠٢٥

(مۆر: وەزارەتی دارایی و ئابووری - بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان - المديرية العامة للديوان - وزارة المالية والاقتصاد)

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١ )ی ٢٠٢٥

**پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٦٧٣٧) لە ٢٠٢٤/١٢/٥ تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنماییمان ژمارە (٤)ی ساڵی /٢٠٢٣ کە تایبەتە بە خەرج کردنی کرێی وانە وتنەوە وکرێی لیژنەکان لە پەیمانگەی دادوەری بڕیاردرا بە :-**

**یەکەم: سەبارەت بە خەرجکردنی کرێی وانە وتنەوە وکرێی لیژنەکان لە پەیمانگای دادوەری:-**

١- خەرجکردنی کرێی وانە وتنەوەی کاتژمێرێک بە بڕی (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار بۆ مامۆستا و وانەبێژی پەیمانگای دادوەری بۆ ئەم بەڕێزانەی ئەم ناونیشانانەیان هەیە (دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی لە پۆلێنی یەکەم و دووەم و هەڵگری نازناوی زانستی پرۆفیسۆر) .

٢- خەرجکردنی کرێی وانە وتنەوەی کاتژمێرێک بە بڕی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار بۆ مامۆستا و وانەبێژی پەیمانگای دادوەری بۆ ئەم بەڕێزانەی ئەم ناونیشانانەیان هەیە ( پرۆفیسۆری یاریدەدەر و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی و شارەزا وسەرپەرشتیاری دادی و پلەی سەربازی لیوا و عەمید) .

٣- خەرجکردنی کرێی وانە وتنەوەی کاتژمێرێک بە بڕی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار بۆ مامۆستا و وانەبێژی پەیمانگای دادوەری بۆ ئەم بەڕێزانەی ئەم ناونیشانانەیان هەیە (هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر و پارێزەری ڕاوێژکار وپلەی سەربازی عەقید و مقدەم کە لە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس کەمتر نەبن).

٤- خەرجکردنی کرێی وانە وتنەوەی کاتژمێرێک بە بڕی (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار بۆ مامۆستا و وانەبێژی پەیمانگای دادوەری بۆ ئەم بەڕێزانە ( هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و بەکالۆریۆس ).

٥- هەژمارکردنی کرێی (٣) سێ کاتژمێر وانە وتنەوە وەک کرێی پێشکەشکاری سیمیناری زانستی لە پەیمانگای دادوەری بەپێی ناونیشانەکانی هاتوو لە خاڵەکانی (٤،٣،٢،١) ، و لە مانگێکدا تەنها کرێی یەک سیمینار خەرج دەکرێت بۆ هەمان پێشکەشکاری سیمینار.

٦- خەرجکردنی هەمان ئەو بڕە پارانەی هاتوو لە خاڵەکانی (٤،٣،٢،١) بە پێی ناونیشانەکانیان بۆ مامۆستایان و وانەبێژانی پەیمانگای دادوەری لەکاتی بەشداریکردنیان لە لیژنەکانی سەرپەرشتیکردنی تاقیکردنەوە و چاودێریکردنی هۆڵەکانی تاقیکردنەوەو ناڕەزایی و دانانی پرسیار و ڕاستاندنی دەفتەری وەڵامەکان بە پێی کاتژمێری کارکردن بەو مەرجانەی خوارەوە:-

أ-بۆ هەر ئەندامێك لە لیژنەی چاودێری و دانانی پرسیار و ڕاستاندنی دەفتەری وەڵامەکان لە (٣) سێ کاتژمێر ڕۆژانە زیاتر نەبێت ، و تەنها بۆ (٥) پێنج ڕۆژ خەرج دەکرێت .

ب-بۆ هەر ئەندامێکی لیژنەی تاقیکردنەوە ڕۆژانە لە (٣) سێ کاتژمێر زیاتر نەبێت ، و تەنها بۆ (٥) پێنج ڕۆژ خەرج دەکرێت.

ژمارە :
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٤ کوردی

العدد :
التأريخ : / / ٢٠٢٥

٧- خەرجکردنی هەمان ئەو بڕە پارانەی هاتوو لە خاڵی (١) بۆ سەرۆک و جێگر و ئەندامانی ئەنجومەنی پەیمانگای دادوەری لە کاتی بەشداریکردنیان لەو لیژنانەی کە لە خاڵی (٦) ئاماژەیان پێکراوە لە خولەکانی وەرگرتنی قوتابییانی پەیمانگەی دادوەری بۆ ئامادەکردنیان وەک دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی تاکو دەرچوونیان بەمەرجێك ڕۆژانە بۆ هەر ئەندامێك لە (٣) سێ کاتژمێر زیاتر نەبێت ، وە تەنها بۆ (٥) پێج ڕۆژ خەرج دەکرێت .

٨- ئەم بڕە پارانەی کە لە خاڵەکانی (٤،٣،٢،١) دا هاتووە بۆ هەر وانەبێژێک لە پەیمانگای دادوەری بە پێی ناونیشانەکەی خەرج دەکرێت کە سەرەڕای کارەکەی خۆی ئەرکی وانەبێژی لە پەیمانگای دادوەری ئەنجام دەدات.

٩- هەرمامۆستایەکی میلاک یاخود ئینتیدابکراو و تەنسیبکراوی تایبەت بە وانە وتنەوە لە پەیمانگای دادوەری بەشە وانەی هەفتانەیان بە پێی ناونیشانەکانیان یاخود بڕوانامەکانیان بەم شێوەیە دەبێت :-

| ژ | ڕوونکردنەوە | کاتژمێر |
|---|---|---|
| ١ | دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی پۆلێنی یەکەم و دووەم و هەڵگری نازناوی زانستی پرۆفیسۆر پرۆفیسۆری یاریدەدەر و شارەزا وسەرپەرشتیاری دادی | (٨) کاتژمێر |
| ٢ | هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر | (١٠) کاتژمێر |
| ٣ | هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا | (١٢) کاتژمێر |
| ٤ | هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس | (١٤) کاتژمێر |

١٠-خەرجکردنی بڕی (٢٥ ٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار کرێی سەرپەرشتیاری پراکتیکی بۆ بەڕێزان (دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی لە پۆلێنی یەکەم و دووەم) بۆ هەر کاتژمێرێک لەکاتی پراکتیکی خولەکان لە دادگاکاندا بە مەرجێك لە هەفتەیەکدا لە (٥) کاتژمێر بۆ هەر سەرپەرشتیارێکی پراکتیکی تێپەڕ نەکات.

١١- أ/ خەرجکردنی بڕی (٢٠٠٠) دوو هەزار دینار ڕۆژانە (٣) سێ کاتژمێر بۆ هەر فەرمانبەرێک لەو فەرمانبەرانەی کە بەشداری دەکەن لە لیژنەکانی وەرگرتنی قوتابیان و وردبینی دۆسیەکان و تاقیکردنەوەکان ، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی هاوکاری گشت لیژنەکانن لە کاتی کردنەوەی خولەکانی پەیمانگای دادوەری و تاقیکردنەوەکانی پرۆسەی خوێندن بۆ ئامادەکاردنیان بۆ دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی بەمەرجێک ڕۆژانە لە (٣) سێ کاتژمێر تێپەر نەکات .

ب/ خەرجکردنی بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار ڕۆژانە (٣) سێ کاتژمێر لەکاتی کردنەوەی خولەکانی شیاندن بۆ فەرمانبەران وەک هاوکاری لیژنەکانی تاقیکردنەوە .

**دووەم : سەبارەت بە سەرپەرشتیارانی توێژینەوەی زانستی قوتابییانی پەیمانگای دادوەری :-**

١-خەرجکردنی بڕی (٣٠٠ ٠٠٠) تەنها سێ سەد هەزاردینار بۆ یەکجار سەرپەرشتیارانی توێژینەوەی زانستی قوتابییانی پەیمانگای دادوەری بە مەرجی هەبوونی مەرجەکانی سەرپەرشتیاری بە پێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەی دادوەری.

ژمارە :
ڕێکەوت : ٢ / ڕێبەندان / ٢٧٢٤ کوردی

العدد :
التأريخ : ٢ / ١ / ٢٠٢٥

وەزارەتی دارایی و ئابووری – بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان – المديرية العامة للديوان – وزارة المالية والاقتصاد

٢- خەرجکردنی بڕی (١٢٠٠٠٠) تەنها سەد وبیست هەزار دینار بۆ یەکجار بۆ هەریەک لە سەرۆک وئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ یاخود هەڵسەنگێنەرانی توێژینەوەی زانستی قوتابییانی پەیمانگای دادوەری.

٣-سەبارەت سەرپەرشتیارانی توێژینەوەی قوتابی لە پەیمانگای دادوەری لە خولەکانی وەرگرتنی قوتابی بۆ ئامادەکردنیان وەک دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی نابێت مامۆستایان پلەی زانستییان لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پۆلێنی دادوەر وئەندامانی داواکاری گشتی لە یەکەم ودووەم و پلەی پارێزەر لە ڕاوێژکار کەمتر بێت.

٤-ئەنجومەنی پەیمانگەی دادوەری بڕیار لەسەرە ئەوە دەدات کە توێژینەوەی زانستی قوتابییانی پەیمانگای دادوەری لە ڕێگای لیژنەی گفتۆگۆ تاوتوێ بکرێت یاخود لە ڕێگای سێ هەڵسەنگێنەر.

**سێیەم :** خەرجکردنی دەرماڵەی نیشتەجێبوون بە بڕی (٢٠٠٠٠٠) تەنها دوو سەد هەزار دینارە بۆ هەر قوتابیەکی پەیمانگا کە لە دەرەوەی شاری هەولێرەوە هاتبێت بۆ خوێندن لە پەیمانگا پاڵپشت بەم بەڵگەنامانەی خوارەوە :-

١- پێناسەی باری شارستانی .
٢- کارتی زانیاری.
٣- پسوولەی خۆراک .

**چوارەم :** ئەو پارێزەرەی لە پەیمانگای ناوبراو وەردەگیرێت دەرماڵەیەکی تایبەتی مانگانە وەردەگرێت بە قەدەر ئەو مووچە و دەرماڵە جێگیرانەی کە هاوەڵەکانی لە وەزیفەدا وەریدەگرن ، بە پێی ساڵەکانی خزمەت و بڕوانامە بە یەک لیست لەگەڵ دەرماڵەی نیشتەجێبوونی قوتابیانی دەرەوەی هەولێر (پارێزەر +فەرمانبەر ).

**پێنجەم :** جگە لەو خولانەی لەسەر داواکاری دام و دەزگا فەرمییەکانی هەرێم بۆ فەرمانبەرانی یاسایی دەکرێنەوە ، پەیمانگای دادوەری دەتوانێت بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی پەیمانگەی دادوەری خولی پەرەپێدانی یاسایی لەسەر ئەستۆی کەسی بەشداربوو بکاتەوە ، بەمەرجێک هیچ خەرجییەکی ئەم خولە نەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و ڕێژەی (٣٠%)ی داهاتی بەدەستهاتوو بۆ گەنجینەی حکومەت بێت و ڕێژەی (٧٠%) بۆ هاندانی فەرمانبەران و دابینکردنی پێداویستی و تێچووی خولەکە بێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠/ .

**شەشەم :** کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت جگە لەم ڕێنماییە .

**حەوتەم :** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائعی کوردستان ) جێبەجێ دەکرێت .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢٥ / ١ /